شوبهەی هەژدەهەم

بە چ شتێك مرۆڤ لە دین دەردەچێت ؟!

دەڵێن: ئایا مرۆڤ بە وتنی ﴿ لا إله إلاّ الله محمد رسول الله ﴾ نایەتە ناو ئیسلام ؟!. وە بەم شاهیدیەش خوێن وماڵی پارێزراو نابێت ؟! وە کە ئەم وشەیە کۆتا ووشەی بێت لە ژیانیدا ناچێتە بەهەشت ؟!.

کەوابوو چۆن ئێوەی ئەهلی سوننەت، توهمەی شیرك و گۆڕپەرستی ونەفامی دەدەنە پاڵ ئەو کەسانەی کە ئیعتیقادیان بە شەخس و بە قەبری پیاوچاکان هەیەو، هاواریان دەکەنێ، لەکاتێکدا کە ئەوان شایەتیش دەهێنن بە (لا إله إلاّ الله، محمد رسول الله) وە هەروەها نوێژیش دەکەن و زیکریش دەکەن ؟!.

لە وەڵام ئەم شوبهەیەشدا دەڵێین:

کاتێك وتنی (لا إله إلاّ الله) مرۆڤی پێ دەبێت بە موسڵمان لە حەقیقەتداو خوێن و ماڵی پێ دەپارێزرێت و بەهەشتی پێ دابین دەکرێت، کە خاوەنەکەی ـ واتە ئەوەی کە دەڵێت:(لا إله إلاّ الله) ـ چەند مەرجێکی تێدا بێت؛ لەو مەرجانەش:

مەرجی یەکەم: **العلم بمعناها**: واتە مەرجە کە زانیاری ببێت بە واتای (لا إله إلاّ الله).

مەرجی دووەم: **العمل بمقتضاها**: واتە کردەوە کردن بەگوێرەی پێداویستیەکانی ئەم وشە پیرۆزە. یەعنی ئەم وشەیە چ جۆرە ئیعتیقادو قسەو عەمەلێك پێویست دەکات، بیکەیت و جێ بەجێی بکەیت.

وە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم دوو مەرجەش، پێش هەموو شتێك پێویستە بزانین کە وشەی (لا إله إلاّ الله)، لە دوو بەش پێك دێت، وە هەر بەشەش ماناو داخوازی تایبەتی خۆی هەیە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەمی: (**لا إله**):

واتاکەی: یەعنی: واتە هیچ مەعبودێك حەق نیە؛ چونکە تەقدیرەکەی بەم شێوەیەیە:(لا معبود حقٌ). هیچ پەرستراوێکی حەق نیە؛ بپەرسترێت و هاواری بکرێتێ و پەنای پێ بگیرێت و، داوای بە فریاکەوتن و یارمەتی لێ بکرێت و، بە گەورە دابنرێت و زەلیلی بۆ بنوێنرێت و، پشتی پێ ببەسترێت و، ماڵی بۆ ببەخشرێت.

داخوازیەکەی: کەواتە ئەم بەشە وا پێویست دەکات پەرستن بۆ هیچ شتێك و هیچ کەسێك نەکرێت؛ چونکە (لا إله حقٌ) هیچ مەعبودی حەق نی‌یە. کەواتە نابێت ئیعتقادت بە هیچ یەکێك بێت، وە نابێت پشت بەهیچ یەکێك ببەستیت، وە نابێت خۆشەویستی و بە گەورە دانانت بۆ هیچ یەکێك بێت، وە نابێت

زەلیلی بۆ هیچ یەکێك بنوێنیت، وە نابێت ڕەجای چاکەو خێر دەستکەوتن لە هیچ یەکێك بکەیت. وە نابێت دڵت ببەسترێتەوەو هەڵواسرێت بەهیچ مەعبودێك. وە نابێت هاوار بکەیتە هیچ یەکێك، وە نابێت داوای یارمەتی و فریاکەوتن و پەناگرتن بکەیت لەهیچ یەکێك. وە نابێت کرنووش و پشت چەمانەوەو سەر نەویکردن بکەیت بۆ هیچ یەکێك، وە نابێت دەست لەسەر دەست دابنێیت و قژ بتاشیت بۆ هیچ یەکێك، وە نابێت ماڵ ببەخشیت و سەربڕین و نەزر بکەیت بۆ هیچ یەکێك وە نابێت هیچ یەکێك بە سەرچاوەی بەرنامەو یاسا دانان و فەرمان لێ وەرگرتن و شایستەی گوێڕایەڵی کردنی سەربەخۆ بزانیت.

٢. (**إلاّ الله**):

واتاکەی: تەنها (الله) مەعبودو پەرستراوی حەقەو، شایستەی ئەوەیە ئیعتیقادمان پێی بێت و، پشتی پێ ببەستین و، هاواری بکەینێ و، بەگەورەی دابنێین و، سەربڕین و نەزری بۆ بکەین، وە گوێڕایەڵی سەربەخۆی بکەین (نُطیعُه لِذاتِه).

داخوازیەکەی: کەوابوو ئەم بەشە وا پێویست دەکات، پەرستن تەنها بۆ (الله) بکەیت؛ بە دڵ و زمان و لاشە و ماڵ. وە لەهیچ جۆرە پەرستنێکدا هیچ یەکێك نەکەیتە شەریکی (الله). نە فریشتە لەخوا نزیکەکان، وەنە پێغەمبەرە نێرراوەکان، وەنە پیاوچاکەکان، وەنە دارو بەردەکان، وەنە قەبرو مەزرگاکان، وەنە شێخ و مامۆستاکان.

وە هەرکەسێك ئەم دوو مەرجەی پێشووی تێدا نەبێت واتە :

(١) زانیاری بەمانای (لا إله إلاّ الله) و

(٢) کردەوە بە پێداویستی ماناکەی. ئەوە سود نابینێت لە تەنها وتنەکەی.

کەواتە هەرکەسێك مانای (لا إله إلاّ الله) نەزانێت و ئیعتیقادی بەو مانا ڕاستەی ئەم وشە پیرۆزە نەبێت، ئەوە تەنها بە وتنی نابێت بە موسڵمان و، خوێن و ماڵی ناپارێزرێت و ناشچێتە بەهەشت. چونکە پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ إلاّ مَنْ شَهِدَ بالحقّ وهم يعلمون ﴾ الزخرف (٨٦).

واتە: تەنها کەسێك شەفاعەتی بۆ دەکرێت کە بەدەمی شاهیدی بدات بە حەق، واتە بە(لا إله إلاّ الله). وە دڵیشی بزانێت مانای شاهیدیەکەی چیەو ئیعتیقادیشی پێی بێت.

ئیمامی القرطبي المُفَسِّر فەرموویەتی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا:

(أنّ الشهادة بالحق غيرُ نافِعة إلاّ مع العلم، وأنّ التقليد لا يُغْني مع عدم العلم بِصِحَّة المقالة).

واتە شاهيدی دان بە حەق بێ سودە، تەنها لەگەڵ عيلم نەبێت بەماناكەی. وە تەقليـدو لاسـايی كردنـەوە لـە شاهيديداندا سود ناگەيەنێت، كە زانياری بوون بە ڕاستی قسەكەی لەگەڵ نەبێت.

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموويەتی: (مَنْ ماتَ وهو يَعلمُ أن لا إله إلاّ الله دخل الجنة)[1].

واتە: هەركەسێك مرد، بەو حاڵەتە مردبێت كە زانيبێتی هـيچ مـەعبودێكی حـەق نيـە تـەنها(الله) نەبێت، وە باوەڕی پێ بووبێت، ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

كەواتە زانينی مانای (لا إله إلاّ الله) **مەرجە بۆ چوونە بەهەشت بەم وشە پيرۆزە.**

وە هەركەسێكيش ماناكەی بزانێت، بەڵام ئيعتيقادی پێ نەبێت و عەمەلی پێ نەكات، ئەوە حاڵی وەكو ئەوكافرو موشريكانە كۆنە، كە چاك ماناكەيان دەزانی، بەڵام باوەڕيان پێنـەدەكردو بـە درۆيـان دادەنـاو ئينكايان دەكرد، وەك لەم ئايەتەدا دەبينرێت:

﴿وجَحَدُوا بها واسْتَيقنتها أنفسهم ظُلْماً وعُلُوّاً﴾.

كەواتە هەركەسێ مانـای ڕاسـتەقينەی نـەزانێت، ئـەوە بێگومـان داخوازيەكەيشـی جـێ بـەجێ نـەكردووەو كاركردنيشی ڕاست و پەسەند و پاك و خاڵس نابێت بۆ خوا، ئەو كاتـە ئيسـلامەتيەكەی بەڕاسـتی دانامـەزرێت؛ چونكە يەكەم ڕوكنی ئيسلام بريتیيە لە: (لا إله إلاّ الله) **كە ماناو پێداويستيەكەی بريتیيە لە (دووركەوتنەوە لـە پەرستنی غەيری خوا بەهوموو شێوەيەك و، پەرستنی خوا بە تەنها بەبێ شەريك بۆ دانان). هەروەك لەم حەديسـە صەحيحـانەدا بۆمان دەردەكەوێت:**

ئيمامی (مسلم) لە (صحيح مسلم) دا فەرموويەتی:

١. (عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه قال رسول الله ﷺ :

(الإسلامُ: أن تشهدَ أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمداً رسولُ الله، وتُقيمَ الصلاةَ، وتوتِي الزكاة، وتصوم رمضان، وتَحُجّ البيتَ إنِ استطعتَ إليه سبيلاً)[2].

٢. عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ : (الإسلامُ: أن تعبُدَ اللهَ، ولا تُشْرِكَ به شيئاً وتقيمَ الصلاة المكتوبة، وتودِّي الزكاة المفروضة، وتصوم رمضانَ)[3].

---

(1) صحيح مسلم .

(2) صحيح مسلم : (ح / ٨ / ١) .

(3) صحيح مسلم :ح (٩). والبخاري (٥٠).

٣. عن أبي أيوب ﷺ قال: جاء رجلٌ إلى النبيّ ﷺ فقال: دُلَّني على عملٍ أعملُهُ يُدنيني من الجنة، ويُباعِدني من النار.

قال: (تَعبُدُ اللهَ لا تُشرك به شيئاً، وتقيمُ الصلاة، وتؤتي الزكاة، وتصِلُ ذا رَحِمِكَ) فلمّا أدبَرَ، قال رسولُ الله ﷺ : (إن تمَسّكَ بما أُمِرَ به دخلَ الجنة)(١)

٤. عن أبي هريرة ﷺ أنّ اعرابيّاً جاء إلى رسول الله ﷺ فقال:

يا رسول الله ﷺ، دُلّني على عملٍ إذا عَملْتُهُ دخلتُ الجنةَ.

قال: (تعبُدُ اللهَ لا تشرك به شيئاً، وتقيمُ الصلاة المكتوبة، وتُؤدِّي الزكاة المفروضة، وتصومُ رمضانَ).

قال: والذي نفسي بيده لا أزيدُ على هذا شيئاً أبداً، ولا أنقُصُ منهُ). فلمّا ولّى، قال النبيُّ ﷺ:

(مَنْ سرّهُ أن ينظُرَ إلى رجلٍ من أهلِ الجنة، فلْيَنْظُرْ إلى هذا)(٢).

٥. عن ابن عباس ﷺ قال: إنّ وفدَ عبدالقيس أتَوا رسول الله ﷺ قالوا: يا رسول الله، مُرنا بأمرٍ نُخبرُ به مَنْ وراءنا ندخُلُ به الجنة، قال: فأمرهم بأربعٍ، ونهاهم عن أربعٍ،

قال: أمرهم بالإيمانِ باللهِ وحدهُ. وقال: (هل تدرون ما الإيمان بالله ؟).

قالوا: اللهُ ورسولهُ أعلم، قال: (شهادةُ أن لا إله إلاّ الله، وأنّ محمداً رسولُ الله، وإقامُ الصلاةِ، وإيتاء الزكاةِ، وصومُ رمضان، وأن تؤدُّوا خُمُساً من المغنم) وفي رواية:

(اعبدوا اللهَ ولا تشركوا به شيئاً، وأقيموا الصلاة، وآتوا الزكاة، وصوموا رمضان وأعطوا الخُمُسَ من الغنائمِ)(٣).

٦. عن ابن عباسٍ عن معاذ بن جبل ﷺ قال : بعَثَني رسولُ الله ﷺ إلى اليمنِ. قال: (إنّك تأتي قوماً من أهل الكتابِ، فادعُهُم إلى شهادةِ أن لا إله إلاّ الله وإنّي رسولُ الله، (وفي رواية ـ إلى عبادة الله ـ وفي رواية: ـ إلى أن يُوحّدوا الله ـ) [فإذا عرفوا ذلك] فإن هم أطاعوا لذلك، فاعلِمْهُم أنّ اللهَ افترضَ عليهم خمسَ صلوات في كلِ يومٍ وليلةٍ، فإن هُم أطاعوا لذلك، فأعلِمْهُم أنّ الله افترض عليهم صدقةً تُوخَذُ من أغنيائهم فتردُّ في فُقَرائهم، فإن هم أطاعوا لذلك، فإيّاك وكرائم أموالهم، واتّقِ دعوة المظلوم، فإنهُ ليس بينها وبين الله حجابٌ)(٤).

(1) صحيح مسلم : ح / ١٣ . والبخاري (١٣٩٦).
(2) صحيح مسلم : (ح / (١٤) والبخاري (١٣٩٧).
(3) صحيح مسلم : (ح / (١٧) والبخاري (١٣٩٨).
(4) صحيح مسلم : (ح / (١٩) والبخاري (٧٣٧٢).

٧. عن أبي مالكٍ (سعد بن طارق) عن أبيه، قال: سمعتُ رسول الله ﷺ يقول:

(من قال: لا إله إلاّ الله ـ وفي روايةٍ: من وحّدَ اللهَ ـ وكفرَ بما يُعبدُ من دون الله حَرُمَ مالهُ ودمهُ، وحسابهُ على الله)(1).

كەواتە: لەم حەدیسە صەحیحانەدا ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەردەكەوێت:

١. **ڕوكنی یەكەمی ئیسلام كە بریتییە لە:**

(أن تشهد أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمداً رسول الله) **ماناكەی و پێداویستییەكەی بەوە دێتەجێ كە:** (أن تعبد الله ولا تشرك به شيئاً).

واتە بە تەنها (الله) بپەرستیت و هیچ شتێك نەكەیت بە شەریك بۆی و هیچ جۆرە پەرستنێكی دڵ و زمان و لاشە و ماڵ بۆ هیچ یەكێك نەكەیت تەنها بۆ (الله) نەبێت.

وە ڕوكنی یەكەم بەوە نەبێت نایەتەجێ، چونكە تەفسیری ڕوكنی یەكەم بەو شێوەیە كراوە لە حەدیسدا واتە لە شوێنی: (أن تشهد أن لا إله إلاّ الله محمد رسول الله) **ڕستەی** (تعبدالله، ولا تشرك به شيئاً) **دانراوە لە حەدیسی دووەمەوە تاوەكو حەوتەم.**

كەواتە: ڕوكنی یەكەمی ئیسلام نایەتە دی كە تەنها بە زمان بڵێیت: (أشهد أن لا إله إلاّ الله، وأشهد أن محمداً رسول الله) **تاوەكو بە تەنهایی خوا نەپەرستیت و واز نەهێنیت لە شیرك. واتە ئەو كەسەی كە بەدەم شایەدی دەدات بەڵام بە تەنها خوا ناپەرستێت و لەگەڵ خوا هاوارو پەرستن بۆ پێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام) **و پیاوچاكان یان شتی دی دەكات ئەوە شایەتمانەكەی دانەمەزراوەو سودی نیە.** (وە ئەگەر لە سەرەتادا داشمەزرا بوو ئەوە هەڵوەشاوەتەوە).

٢. **وە بۆمان دەركەوت لە حەدیسی** (٣، ٤، ٥) **كە كاتێك دەبێتە شایستەی چوونە بەهەشتەوە كە پێش هەموو شتێك** (تعبد الله لا تشرك به شيئاً) **واتە (الله) بەتەنها بپەرستیت و هیچ شتێك نەكەیت بە شەریك بۆی.**

٣. **وە لە حەدیسی حەوتەم دەردەكەوێت كە كاتێك مرۆڤ خوێن و ماڵی پارێزراو دەبێت كە: بڵێ** (لا إله إلاّ الله) **وە** (وحّدَالله) **واتە بە تەنها خوا بپەرستێت و هەروەها** (وكفرَ بما يُعبد من دون الله). **واتە بێ**

---

(1) صحيح مسلم : (ح / ٢٣) .

باوەڕیش بێت بەهەر شتێك کە دەپەرسترێت جگە لە خوا. واتە: بێ ئیعتیقاد بێت بە پەرستراوێتی ئەو پێغەمبەرو پیاوچاکانەی خەڵکی پەرستنیان بۆ دەکەن و هاواریان دەکەنێ.

کەواتە تەنها بەوە خوێن ومالّی ناپارێزرێت کە بڵێت: (لا إله الاالله) تاوەکو ئەم دوو مەرجەی تێدا نەبێت:

مەرجی یەکەم: (وحّد الله) خوا بە تەنها بپەرستێت و شەریکی بۆ دانەنێت لەپەرستندا.

مەرجی دووەم: (وكفرَ بما يُعبدُ من دون الله) واتە بێ باوەڕیش بێت و کافر بێت بە هەموو ئەوانەی خەڵکی پەرستنیان بۆ دەکەن و هاواریان دەکەنێ و داوای فریاکەوتنیان لێ دەکەن.

٤. وە لە حەدیسی (٦)دا دەرکەوت کە یەکەم شت بانگەوازیکار خەڵکی بۆلا بانگ بکات بریتییە لە تەنها پەرستنی خوا (فليكن أول ما تدعوهم إليه شهادة أن لا إله إلاّ الله وفي روايةٍ ـ إلى عبادة الله ـ وفي روايةٍ [إلى أن يُوحّدوا الله]).

وە کە خەڵکی ئەمەیان زانی و تێگەیشتن و جێ بەجێیان کرد (فإن هم عرفوا ذلك ـ وفي رواية ـ فإن هم أطاعوا لذلك). ئەوکاتە بانگیان دەکەیت بۆ ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکان.

کەواتە: هەرکەسێك لە ڕوکنی یەکەمی ئیسلام، کە بە تەنها خوا پەرستنە ـ لەوە نەگات و تەسلیمی نەبێت، سود لە نوێژ کردن وەرناگرێت؛ چونکە ڕوکنی یەکەم کە تەوحیدە بناغەی ڕوکنەکانی ترە، وە هەرکاتێك ئەم بناغەیە نەبوو ـ واتە خوا بە تەنها نەپەرسترا ـ ئەوا ڕوکنەکانی تر قەبوڵ نابن؛ چونکە بناغەکەیان زبڵەو شیرکە !! پەنا بەخوا.

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە تەنها وتنی (لا إله إلاّ الله) کافی نیە نە لە دونیا بۆ پاراستنی خوێن و ماڵ هەتاسەر، وە نە لە قیامەت بۆ ڕزگار بوون لە دۆزەخ و بەختەوەر بوون بە بەهەشت.

بەڵکو لەگەڵ ئەم وتنەدا پێویستە بزانێت مانایەکەی چییەو بەدڵ ئیعتیقادی پێ بێت و بە کردەوەش بیسەلمێنێت بەشێوەیەکی وا کە تەنها خوا بپەرستێت و هاوبەشی بۆ پەیدا نەکات و بێ باوەڕیش بێت بە هەموو ئەوانەی دەپەرسترێن غەیری خوا واتە:

١. (العلم بمعناها): نفياً وإثباتاً.

٢. (العمل بمقتضاها): من عبادة الله وحدهُ ظاهراً وباطنا وعدم الإشراك به في شيء.

٣. (الكفر بما يُعبد من دون الله): ﴿ فمن يكفر بالطاغوت ويومن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ﴾ أي بلا إله إلاّ الله.

وە كە مرۆڤ ماناكەی نەزانێت-ئەگەر بەكورتیش بێت- ئەوە هەر نەبووە بە موسڵمان، وە كە ماناكەیشی زانی بەڵام ئیعتیقادی بە ماناكەی نەبوو، ئەوە بە هەمان شێوە نەبووە بە موسڵمان. وە هەروەها بە زمانیش بڵێت و بە دڵیش ماناكەی بزانێت بەڵام عیبادەت بۆ غەیری خوا بكات، ئەوە موشریكە، هەروەكو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(من مات وهو يدعو من دون الله نِدّاً دخل النار)[١].

واتە: هەر كەسێك لەسەر ئەو حاڵەتە بمرێت كە پەرستن و هاواری بۆ غەیری خوا كردبێت ئەوە دەچێتە ناو ئاگرەوە.

*** كەواتە بۆمان دەركەوت كە تەنها وتنی** (لا إله إلاّ الله) **كافی نیە؛ چونكە مونافیقەكانیش دەیان وت** (لا إله إلاّ الله) **لەگەڵ ئەوەشدا لەپلەی ژێرەوەی دۆزەخدا دەبن** ﴿ إنّ المنافقين في الدرك الأسفل من النار ﴾.

*** وە هەروەها جولەكەكانیش دەیان وت** (لا إله إلاّ الله) **وە لەگەڵ ئەوشدا بە كافر حیساب كراون و ئەهلی دۆزەخن، وە پێغەمبەر ﷺ كوشتاریشی كردن.**

*** وە هەروەها هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ جەنگان دژی هەڵگەڕاوەكان؛ ئەوانەی كە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ موسڵمان ببوون بەڵام دوای مردنی وتیان** (مُسَيْلَمة)**ش پێغەمبەرە.**

هاوەڵانی پیغەمبەر ﷺ بەكافر و هەڵگەڕاوەیان دانان، لەگەڵ ئەوەشدا كە دەیان وت (لا إله إلاّ الله، محمد رسول الله) **وە بانگیشیان دەداو نوێژیشیان دەكرد !**

كەواتە ئەگەر یەكێك بەلای هاوەڵانەوە بە كافرو هەڵگەڕاوە دابنرێت كە (موسەیلەمە) بهێنێتە ڕیزو پلەی پێغەمبەر ﷺ ، ئەدی چۆن ئەو كەسانە بە كافر دانانرێن كە پیاوچاكان و شێخەكان دەبەنە ڕیزو پلەی دروستكاری ئەرزو ئاسمان و پەروەردگاری جیهانیان!!. وە لەگەڵ ئەودا هاواریان دەكەنێ و سوێندیان پێ دەخۆن و لێیان دەترسن و داوای بە فریاكەوتنیان لێ دەكەن و بەگەورەیان دادەنێن و كڕنوشیان بۆ دەبەن !؟

*** وە هەروەها گومانی تێدا نیە كە هەر كەسێك نوێژ نەكات ئەوە داوای تۆبە كردن و نوێژ كردنی لێ دەكرێت. وە كە بەردەوام بوو لەسەر نوێژ نەكردن ـ دوای ئەوە ـ خوێنی حەڵاڵ دەبێت و دەكوژرێت و بە**

---

(١) صحيح البخاري .

هەڵگەڕاوەش لە قەڵم دەدرێت (مرتد). وە لە قەبرەستانی موسڵمانان نانێژرێت بەڵكو فڕێ دەدرێتە چاڵێكەوەو دادەپۆشرێت.

كەواتە ئەگەر ئەوە حاڵی كەسێك بێت كە وازی هێنابێت لە ڕوكنی دووەمی ئیسلام. ئەدی دەبێت حاڵی ئەو كەسە چۆن بێت كە وازی هێناوە لە ڕوكنی یەكەم و بناغەی ئیسلام، كە تەوحیدو تەنها خوا پەرستی‌یەو دووركەوتنەوەیە لە شیرك ؟!.

بێگومان هەر كەسێك ڕوكنی یەكەمی تەواو نەبێت واتە خوا بە تەنها نەپەرستێت و شەریكی بۆ دابنێت لە عیبادەتدا، ئەوا ئەو كەسە موشریكەو كافرەو زیاتر شایستەی ئەوەیە دوای ئاگادار كردنەوە ـ لەناو ببرێت.

چونكە شیرك بۆ خوا دانان گەورەترین تاوانە وەك پێغەمبەر ﷺ كە پرسیاری لێ كرا كامە گەورەترین تاوانە (أيُّ الذنب أعظم ؟!) فەرمووی:

(أن تجعل لله نِدّاً وهو خلقك)[١].

واتە: هاوبەش دابنێیت بۆ خوا كە تەنها ئەویش تۆی دروست كردووە !.

* وە هەروەها دوای ئەوەی كە پێغەمبەر ﷺ كۆچی دوایی كردو زۆر لە عەرەبەكان هەڵگەڕانەوە لە دین. وە كۆمەڵێكیشیان مەنعی زەكات دانیان كردو نەیان دەبەخشی‌بە(بَيْتُ المال). بەڵام نوێژیان دەكردو دەیان وت (لا إله إلاّ الله، محمد رسول الله) وە شەریكیان بۆ خوا دانەدەناو كەسی تریشیان بە پێغەمبەر دانەدەنا. بەڵام (أبوبكر الصديق) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ دەستی كرد بە جەنگ كردن بەرامبەریان، وە عومەر ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ وتی: چۆن تۆ كوشتاری كەسێك دەكەیت كە شایەدی دەهێنێت و نوێژ دەكات لە كاتێكدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

فەرمانم پێ كراوە كوشتاری خەڵكی بكەم تاوەكو دەڵێن: (لاإله إلاّ الله) وە ئەگەر وتیان لا إلـه إلاّ الله ئەوە خوێن و ماڵیان پارێزراوە تەنها بە حەقی ئیسلام نەبێت ؟!.

وە أبو بكر ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ ڕاست تر لەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ گەیشتبوو بۆیە وتی زەكات حەقی ئیسلامەو هەر كەسێك نوێژ بكات و زەكات نەدات ئەوە كوشتاری دەكەم.

---

(١) صحيح مسلم (ح / ٨٦) .

لە دواییدا عمر ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ تێ گەیشت كە أبوبكر لەسەر حەقەو قەناعەتی كرد بە قسەكەی.

كەواتە: كەسێك زەكات نەدات خوێن و ماڵی ناپارێزرێت بە وتنی لا إله إلاّ الله **و نوێژ كردنیش، ئەدی دەبێت حاڵی چۆن بێت كە كردەوەیەك بكات هەڵوەشێنەرەوەی** (لا إله إلاّ الله) **بێت و شەریك بۆ خوا بڕیار بدات لە پەرستندا ؟!.**

*** وەهەروەها بەڵگەی ئاشكرا تریش هەیە لەسەر ڕاستێتی ڕای أبوبكر بەڵگەكەش بریتی‌یە لەو حەدیسەی كە** (ابنُ عُمَر و أبو هريرة و أنس) **ڕیوایەتیان كردووە .**

١. عن أبي هريرة ﷺ عن رسول الله ﷺ قال :[أُمِرتُ أن أقاتل الناسَ حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمداً رسول الله، ويُقميوا الصلاة، ويؤتوا الزكاة، فإذا فعلوا ذلك عصموا منّي دمائهم وأموالهم إلاّ بِحَقِّ الاسلام، وحسابهم على الله تعالى][1].

٢. وفي رواية عنه ـ عن رسول الله ﷺ قال: [أُمرتُ أن أُقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله، ويومنوا بي وبما جئتُ به، فإذا فعلوا ذلك عصموا منّي دِمائهُم وأموالهُم إلاّ بِحقِّها، وحسابهم على الله تعالى][2].

٣. عن عبدالله بن عمر ﷺ قال: قال رسول الله ﷺ :

(أُمرت أن، أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمداً رسول الله، ويقيموا الصلاة، ويوتوا الزكاة)[1].

٤. عن أنس ﷺ عن رسول الله ﷺ :

((أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمداً عبده ورسولُهُ، وأن يستقبلوا قِبْلَتنا، وأن يأكلوا ذبيحَتَنا، وأن يصلوا صلاتنا، فإذا فَعَلوا ذلك حُرِّمَتْ علينا دِماوهُم وأموالُهُم إلاّ بِحَقِّها، لهم ما للمسلمين وعليهم ما على المسلمين))[2].

*** كەواتە لەم حەدیسانەدا دەركەوت كە وتنی** (لا إله إلاّ الله) **پارێزەرێكی سەرەتایی و كاتی‌یە بۆ خوێن و ماڵی ئەو كەسەی كە موشریك بووەو بە وتنی** (لا إله إلاّ الله) **دێتە ناو ئیسلام، وە بەو ووشەیە دەست لە**

---

(١) صحيح مسلم (١ / ٥٣٥) .

(٢) صحيح مسلم (ح / ٢١) .

(1) مثل حديث أبي هريرة: صحيح مسلم (ح / ٢٢) .

(2) سنن الترمذي وقال: حديث حسن صحيح .

كوشتاری هەڵدەگیرێت، بەڵام دوای ئەوە سەیر دەكرێت ئەگەر تەوبەی كرد لە شیرك و خوای بە تەنها پەرست و نوێژی كردو زەكاتی دا، ئەوكاتە بە تەواوی و بە یەكجاری خوێن و ماڵی دەپارێزرێت و دەبێتە برامان. وەك خوای گەورە لە قورئاندا ئەم سێ مەرجەی داناوە بۆ خوێن پاراستن:

﴿ فإن تابوا وأقاموا الصلاة وآتوا الزكاة فخلُّوا سبيلهم ﴾ التوبة (٥).

واتە: كوشتاری موشریكەكان بكەن...بەڵام ئەگەر تەوبەیان كرد لە شیرك و هاتنە سەر(تەنها خوا پەرستی) وە نوێژیان كردو زەكاتیان دا، ئەوكاتە ڕێگەیان بەردەن و دەست لەكوشتاریان هەڵگرن. وە لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێت:

﴿ فإن تابوا وأقاموا الصلاة وآتوا الزكاة فإخوانكم في الدين ﴾ التوبة (١١).

واتە: ئەگەر دەستیان هەڵگرت لە شیرك و تەوبەیان لێ كردو خوایان بە تەنها پەرست و نوێژیان كردو زەكاتیان دا، ئەوكاتە برای دینیتانن.

*** كەواتە تاوەكو ئەم سێ ڕوكنە ﴿١ـ تەوحید ٢ـ نوێژ ٣ـ زەكات ﴾ مەوجود نەبن لە كەسێكدا نابێت بە برای دینی و دەست هەڵناگیرێت لە كوشتنی.**

*** وە هەروەها هەر كەسێك ئیمانی نەبێت بە پێغەمبەر ﷺ ، وە بە هەموو ئەم شەریعەتەش كە پێی هاتووە ﴿ویؤمنوا بي وبما جئت بە﴾ ئەوە دەست هەڵناگیرێت لە كوشتنی. وەك لە حەدیسی دووەمی أبو هریرە دا دەركەوت.**

كەواتە بێگومان كە كەسێك ئیمانی بە ڕوكنی یەكەمی ئیسلام نەبێت؛ بە دڵ، یان بە زمان، یان بە كردەوە، بۆ نمونە: ئیعتیقادی بە غەیری خوا هەبێت، یان هاوار بكاتە غەیری خوا، یان زەلیلی بۆ غەیری خوا بنوێنێت و كڕنوشی بۆ بەرێت و سەر برینی بۆ بكات و بە گەورەی دابنێت و سوێندی پێ بخوات، ئەوە بێگومان حاڵی خراپ ترە لەحاڵی نوێژ نەكەرو زەكات نەدەر.

*** وە كە مرۆڤ بەكافردابنرێت ئەگەر هاتوو ئیمانی بە بەشێك لە دینی پیغەمبەر ـ ﷺ ـ نەبێت ئەدی چۆن كافر نابێت كە ئیمانی بە بنچینەو بناغەی دینی ئیسلام نەبێت كە محمدیﷺ بۆ نێرراوە، كە بریتییە لە: خوا بە تەنها پەرستن و دوور كەوتنەوە لە عیبادەتی (طاغوت).**

وە لە شەرحی ئەم حەدیسانەی پێشوودا زانایان فەرموویانە:

(وقد قال علماؤنا ـ رحمهم الله ـ: إذا قال الكافرُ لا إله إلاّ الله، فقد شرع في العاصم لدمه فيجب الكف عنه؛ فإن تَمَّمَ ذلك، تحققت العصمة، وإلا بطلتْ، ويكون النبي ﷺ قد قال كلَّ حديثٍ في وقت. فقال: [

أُمرتُ أن أقاتل الناس حتى يقولوا: لا إله إلاّ الله] ليعلم المسلمون أنّ الكافر المحارب إذا قالها كُفَّ عنه وصـار دمهُ ومالهُ مُعَصِّما. ثم بيَّنَ ﷺ في الحديث الآخر أنّ القتال ممدودٌ إلى الشهادتين والعبادتين فقال: [أُمـرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمداً رسول الله. ويقيموا الصلاة. ويوتوا الزكاة]. فبيَّنَ أنّ تمام العصمةِ وكمالها إنّما يحصل بذلك. ولِئلاّ تقع الشبهة بأنّ مجرد الإقرار بعصم على الدوام، كما وقعت لـبعض الصحابة حتى جلاّها أبوبكر الصديق ثم وافقوه ﷺ].

((أما مَنْ قال لا إله إلاّ الله محمد رسول الله وهو مقيمٌ على شركهِ؛ يدعو الموتى ويسألهم قضاء الحاجـات وتفريج الكربات، فهذا كافرٌ مشركٌ حلال المالِ والدّم، وإن قال: لا إله إلاّ الله محمد رسول الله وصلّى وصام وزعم أنّه مسلم)) [(١)].

ئیمامی (الخَطابي الشافعي) لە شەرحی حەدیسی (أبو هريرة) **دا فەرموویەتی:**

((معلوم أنّ المراد بهذا أهل الأوثان دون أهل الكتاب، لِأنّهم يقولون: لا إله إلاّ الله ثم يُقاتَلون ولا يُرْفَعُ عنهم السيفُ)) [(١)].

وە ئیمامی (النووي) فەرمووی:

((وذكر القاضي عياض معنى هذا وزاد عليه وأوضحه، فقال: (اختصاص عصمة المال والنفس بمن قال: (لا إله إلاّ الله) تعبيرٌ عن الإجابة إلى الإيمان، وأنّ المراد بهذا مشركوا العرب وأهل الأوثان ومَنْ لا يُوحّـدُ، وهـم كانوا أوّل مَنْ دُعيَ إلى الإسلام وقُتلَ عليه، فأمّا غيرهم ممّن يُقرُّ بالتّوحيد، فلا يكتفي في عصمته بقوله: لا إله إلاّ الله، إذ كان يقولها في كفره، وهي من اعتقاده، فلِذلك جاء في الحديث الآخر: [وأنّي رسول اللهِ، ويقيموا الصلاة، ويوتوا الزكاة] هذا كلام القاضي.

قلتُ ـ القائل هو النووي ــ: ولا بُدّ مع هذا من الإيمان بجميع ما جاء به رسول الله ﷺ كما جاء في الرواية الأخرى لِأبي هريرة، وهي مذكورةٌ في الكتاب:

((حتى يشهدوا أن لا إله إلاّ الله و **يؤمنُوا بي وبما جئت به**)) والله أعلم.

وفيه ـ أي في هذا الحديث دليلٌ على ــ أنَّ الإيمان شرطُهُ الإقرارُ بالشهادتين مع اعتقادهما، واعتقاد جميع ما أتى به رسول الله ﷺ،... وفيه وجوب قتال مانعي الزكاة أو الصلاة أو غيرهما من واجبات الإسلام قليلاً كان أو كثيراً؛ لِقوله ـ رضي الله عنه ـ لو منعوني عقالاً أو عناقاً) [(٢)].

(١) [الفواكه العذاب في الرد على من لم يُحَكِّم السنة والكتاب]للشيخ محمد بن الناصر آل معمر .
(1) معالم السنن (٢ / ١١).

وە ئیمامی الصنعانی فەرموویەتی:

((قد قال ﷺ [إلاّ بحقِّها] وحقُّها إفراد الإلهيّة والعبودية لله تعالى.

والقبوريون لم يفردوا الإلهية والعبادة فلم تنفعْهُم كلمة الشهادةِ فإنّها لا تنفعُ إلاّ مع التزام معناها. كما لم ينفع اليهــود قولها لإنكارهم بعض الأنبياءِ وقد وقع إجماع الأمّة على مَنْ أنكر البعث كفر وقتل ولو قال لا إله إلاّ الله، فكيف بمن يجعل لله نِدّاً ؟.

وقال: فثبت أنّ مجرّد كلمةِ التوحيدِ غير مانع من ثبوت شرك مَنْ قالها لارتكابه ما يخالفها من عبادة غير الله.)) إ. هـ باختصار [٢].

وە زانا محمد بن ناصر آل معمر ـ رحمه الله ـ **فەرموویەتی:**

قولكم: إنّ من قال لا إله إلاّ الله فقد عصم ماله ودمه وإن ترك الفرائض وارتكب المحرمات، مَنْ تأمّل سيرة الــنبي ﷺ وسيرة الخلفاء الراشدين المهتدين من بعده، عرف أنّ قولكم هذا مضادٌ لما فعله النبي ﷺ وما فعله الخلفاء الراشدون ومن بعدهم. فيا سبحان الله:

أما علمتم أنّ رسول الله ﷺ قاتل اليهود وهم يقولون: لا إله إلاّ الله، وسبى نساءهم واستحلّ دمائهم.

أما علمتم أنّ رسول الله ﷺ أراد أن يغزو بني المصطلق لما قيل له إنهم منعوا الزكاة، وكان الذي قاله كاذباً، والقصة مشهورة في كتب الحديث والتفسير، ذكرها المفسِّرون عند قوله تعالى: ﴿ يا أيها الذين آمنوا إن جاءكم فاســقٌ بنبــأٍ فتبيَّنوا﴾ الحجرات (٦).

أما علمتم أنّ عليّ بن ابي طالب رضي الله عنه حرّق الغالية مع أنهم يقولون لا إله إلاّ الله ؟.

أما علمتم أنّ الصحابة ـ رضي الله عنهم ــ قاتلوا الخوارج بأمر نبيّهم ﷺ مع أنّه ﷺ أخبر أنّ الصحابة يحقــرون صلاتَهم مع صلاتِهم وصيامَهم مع صيامِهم، وقراءتَهم مع قراءتِهم وقال: [أينما لقيتموهم فاقتلوهم].

أما علمتم أنّ الصحابة قاتلوا بني حنيفة وهم يشهدون أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمداً رسول الله و يُصَلُّون ويُوذِّنُون ؟.

أما علمتم أنّ الصحابة قاتلوا بني يربوعٍ لما منعوا الزكاة، مع أنهم مقرُّن بوجوبها وكانوا قد جمعوا صدقاتهم وأرادوا أن يبعثوا بها إلى أبي‌بكر فمنعهم مالك بن نويرة. وفي أمر هولاءِ عرضت الشبهة لعمر ـ رضي الله عنه ـ حتى جلاّهــا الصدِّيق رضي الله عنه وقال:

[والله لو منعوني عقالاً ـ وفي روايةٍ عناقاً ـ كانوا يودونها إلى رسول الله ﷺ لقاتلتهم على منعها فقال عمر: فوالله ما هو إلاّ أن رأيتُ اللهَ قد شرح صدر أبي بكر للقتال فعرفت أنه الحق.

(٢) شرح صحيح مسلم للنووي (١ / ٥٣٦ ـ ٥٤٢) .

(٢) تطهير الإعتقاد ص (١٠٩ ــ ١١١) .

أما علمتم أن رسول الله ﷺ بعث صاحب الراية إلى رجلٍ تزوّج امرأة أبيه، كما رواه الترمذي... عن البراء قال: مرّ بي خالي أبو بردة ومعه لواء فقلتُ أين تريد ؟ فقال: بعثني رسول الله ﷺ إلى رجلٍ تزوّج امرأة أبيه أن آتيَهُ برأسه](1).

ولو تتبعنا الآيات والأحاديث والآثار وكلام العلماء في قتال مَنْ قال: لا إله إلاّ الله إذا ترك بعض حقوقها لطـال الكلام جدّاً، فكيف بمن ترك الإسلام كلّه،وكذب به، واستهزء به على عمدٍ إلاّ أنّهم يقولون: لا إله إلاّ الله كهـولاءِ البوادي) أ. هـ(2).

کەواتە بۆمان دەرکەوت ئەگەر هاتوو کافرێکی موشریك بڵێت: (أشهد أن لا إله إلاّ الله وأشهد أن محمداً رسول الله) **ئەوە بەم شایەتیە دێتە ناو دینی ئیسلام ـ بە زاهیری ـ، بەڵام دوای ئەوە سەیر دەکرێت، ئەگەر هاتوو نوێژیشی کردوو زەکاتیشی داو ئیمانی هێنا بە هەموو ئەو شەریعەتەی کە محمد ﷺ پێی نێرراوە، ئەوا بەیەکجاری لە دونیا خوێن و ماڵی پارێزراو دەبێت.** (إلاّ بِحَقِّها) **واتە تەنها کاتێك خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەبێت کە حەقێکی ئیسلامی بکەوێتە سەر، بۆ نمونە بە نوێژ نەکردن و زەکات نەدان خوێنی حەڵاڵ دەبێت. وە هەروەها بە کوشتنی موسڵمانێك بە ناحەقی و دەست درێژی (عمداً عدواناً)، هەر خوێنی حەڵاڵ دەبێت، ئەگەر چی شایەدیش بێنێت و نوێژیش بکات.**

وە هەروەها خوێنی حەڵاڵ دەبێت ئەگەر هەڵوەشێنەرەوەیەك لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام (نواقض الإسلام) بکات وەك:

١. شەریك دانان بۆ خوا لە پەرستندا، کەلەگەڵ خوادا هاوار کردنە پیاوچاکان و پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) **و، کردنیان بە واسیتە لە نێوان خۆیان و خوادا.**

٢. یان گاڵتە بە ئیسلام بکات یان جنێو بە ئیسلام بدات.

٣. یان دۆستایەتی کافرو موشریکان بکات و یارمەتیان بدات بۆ سەرخستنی کوفرەکەیان بەسەر ئیسلامدا.

٤. یان بە دروستی بزانێت حوکم بە غەیری ئیسلام بکات.

٥. یان بڵێت ئیسلام بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێت !.

٦. یان ڕقی لە موسڵمانان بێتەوە لەبەر دینەکەیان...

کەواتە هەر کەسێك یەکێك لەم کوفرانە بکات ئەوە بە شایەتمانیەکەی، خوێن و ماڵی ناپارێزرێت، بەڵکو خوێنی حەڵاڵ دەبێت و بە کافریش دادەنرێت،،بەڵام دوای ئاگادار کردنەوەو تێگەیاندن (بعد إقامة الحجة عليه).

(1) حديث حسن غريب.

(2) الفواكه العذاب، ص (٨٦ ــ ٨٨).